گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/xv5ccy71
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/11/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# کاره خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی میرانی کورد
# (میرانی حەسنەوەیهی و مەروانی بەنمونە)

هارون محمود کریم[١] - حسين محمد صالح[٢]
Hussein.salih@uoh.edu.iq – harun.karim@uoh.edu.iq
[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی مێژوویی پێشکەش دەکات دەربارەی ڕۆڵی میرانی کورد لە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، و زانستی لە میرنشینەکانیاندا. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە حوکمڕانی میرە کوردەکان، بەتایبەت میرانی حەسنەوەیهی و مەروانی، لەسەر بنەمای دیدگایەکی ستراتیژی دامەزراوە و چەندین ڕەهەندی لەخۆگرتوە، لەوانە دابینکردنی ئاسایش، گەشەپێدانی ئابوری، پشتگیریکردنی زانست و ڕۆشنبیری، و دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان.

لە بواری ژێرخاندا، توێژینەوەکە گرنگی بنیاتنانی قەڵا، شورا، و پردەکان دەخاتەڕو وەك پایەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و سنورەکان، هاوکات ئاسانکاری بۆ بازرگانی و هاتوچۆ. نمونەی قەڵای سرماج و پردەکانی میر بەدری حەسنەوی و پرۆژەکانی ئاوەدانیی میرانی مەروانی، بەڵگەی سیاسەتێکی ئاگایانەن بۆ بنیاتنانی حوکمڕانییەکی بەهێز.

لە ڕوی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە، لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە ڕۆڵی میرەکان دەکات لە پشتیوانی زانست و زانایاندا، ئەویش بە دامەزراندنی مزگەوتەکان وەك ناوەندێکی فێربون، ڕێزگرتن و دابینکردنی موچە بۆ زانایان، و دروستکردنی کتێبخانەی گشتی وەك لە سەردەمی میر نصرالدولەی مەروانی، ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەی فیکری و زانستی لە ناوچەکەدا ڕەخساندوە.

هەروەها، توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر سیستەمی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، کە لە ڕێگەی دامەزراندنی نەخۆشخانەی پێشکەوتو (وەك نەخۆشخانەی فارقی لە میافارقین)، بانگهێشتکردنی پزیشکی بەناوبانگ، و گرنگیدان بە پاکوخاوێنی گشتییەوە بەرجەستە بوە. ئەمەش ئاستێکی بەرزی شارستانی و گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی هاووڵاتییان نیشان دەدات.

لەکۆتاییدا، لێکۆڵینەوەکە جەخت لەسەر گرنگی کاری خێرخوازی و سیستەمی وەقف دەکاتەوە وەك بەشێك لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی میرەکان. ئەم کارانە، کە یارمەتیدانی هەژاران، بێوەژنان، و پاراستنی ڕێگاکانی حەجی لەخۆگرتوە، نەك هەر لایەنێکی مرۆیی هەبوە، بەڵکو هۆکارێکیش بوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە.

**وشە کلیلییەکان:** میرانی کورد، خزمەتگوزاری، مزگەوت، تەندروستی، کاری خێرخوازی.

# The Social Services of the Kurdish Emirates

## A Case Study of the Hasanwayhid and Marwanid Emirates

**Harun Mahmoud Karim[1] - Hussein Mohammed Saleh[2]**

[1+ 2] Department of History, College of Humanities, University of Halabja, Halabja, Kurdistan, Iraq.

**Abstract:**
This historical study analyzes the role of Kurdish emirs, notably the Hasanwayhids and Marwanids, in developing their emirates' infrastructure. The research reveals their governance stemmed from a strategic vision that integrated security, economic growth, scientific advancement, and social welfare. Key infrastructural projects, including the construction of fortifications and bridges, were vital for protecting borders and facilitating trade. These developments, alongside major urban projects, demonstrate a conscious policy to build a strong, stable state.
In the scientific and cultural spheres, the emirs actively supported scholars by establishing mosques as learning centers, funding academics, and creating public libraries, such as during the era of Marwanid Emir Nasr al-Dawla. This fostered a vibrant intellectual environment. The study also highlights an advanced system of social and health services, evidenced by the establishment of sophisticated hospitals, the recruitment of renowned physicians, and a focus on public hygiene. This commitment reflects a high degree of civic planning and concern for public well-being.
The research concludes by emphasizing the importance of charitable works and the waqf (endowment) system as a core part of the emirs' social policy. By aiding the poor and securing pilgrimage routes, these philanthropic efforts served a humanitarian purpose while strengthening the relationship between the government and its people, which in turn reinforced social stability.
Keywords: Kurdish Emirs, Services, Mosque, Health, Philanthropy.

## پێشەکی

میرنشینە کوردییەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژودا، بەتایبەتی لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، خاوەنی ڕۆڵێکی کاریگەر بون، نەك هەر لە بواری سیاسی و سەربازیدا، بەڵکو لە بوارەکانی ئاوەدانی، پێشکەوتنی شارستانی و خزمەتکردنی کۆمەڵگاشدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی لایەنە شارستانی و خزمەتگوزارییەکانی دەسەڵاتی میرانی کورد، کە زۆرجار لەناو باسی ململانێ سیاسییەکاندا فەرامۆشکراون.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چوار تەوەرەی سەرەکیدا، کە هەر یەکێکیان لایەنێکی گرنگی کار و بەرهەمی میرە کوردەکان ڕون دەکاتەوە:

**تەوەری یەکەم: گرنگیدان بە ژێرخان،** لەم تەوەرەیەدا باس لە هەوڵی میرانی کورد دەکرێت بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی ئاسایش و ئابوری، وەك دروستکردنی قەڵا، شورە، پرد و ڕێگاوبان.

**تەوەری دوەم: خزمەتگوزاریی زانستی و ڕۆشنبیری،** ئەم تەوەرەیە تەرخانکراوە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی میرەکان لە بوژاندنەوەی ژیانی زانستی و ڕۆشنبیریدا، لە ڕێگەی دروستکردنی مزگەوت وەك ناوەندێکی زانستی، دامەزراندنی کتێبخانە و پشتیوانیکردنی زانا، ئەدیب و شاعیران.

**تەوەری سێیەم: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی،** لێرەدا تیشك دەخرێتە سەر بایەخدانی میرنشینەکان بە تەندروستیی گشتی، لەوانە کردنەوەی نەخۆشخانە، هێنانی پزیشکی پسپۆڕ، گرنگیدان بە پاکوخاوێنی.

**تەوەری چوارەم: کاری خێرخوازی،** لەم تەوەرەی کۆتاییدا، لایەنی مرۆیی و خێرخوازیی میرانی کورد تاوتوێ دەکرێت و چۆنیەتیی یارمەتیدانی چینە هەژارەکان، لێقەوماوان، بێوەژنان و دابینکردنی ئاسایش و خزمەت بۆ ڕێبواری ڕێگاکان، بەتایبەت حاجیان، ڕوندەکرێتەوە. توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی مێژوویی وەسفی و شیکاری دەبەستێت.

**کێشەی توێژینەوە:**

سەرەڕای گرنگیی مێژوویی میرنشینە کوردییەکان، بەتایبەت لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، زۆربەی توێژینەوە مێژوییەکان تیشکیان خستوەتە سەر لایەنە سیاسی و سەربازییەکانیان و ململانێکانیان لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە. ئەم تێڕوانینە سنوردارە بوەتە هۆی **فەرامۆشکردنی ڕەهەندە شارستانی و خزمەتگوزارییەکانی دەسەڵاتیان،** کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و ئاوەدانیی ناوچەکە هەبوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و وێنەیەکی گشتگیرتر پێشکەش بکات.

**گرنگیی توێژینەوە**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تەنها لە لایەنی سیاسی و سەربازییەوە سەیریان ناکات. بەڵکو لایەنە شارستانی و خزمەتگوزارییەکانیان دەخاتەڕو، کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە ناساندنی زیاتری مێژوی کورد و ڕۆڵی ئەرێنی لە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بون. هەروەها، ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەسود بۆ توێژەران و خوێندکارانی بواری مێژو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

**خستنەڕوی گرنگیی ژێرخان:** ڕونکردنەوەی ڕۆڵی میرانی کورد لە بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی ئابوری و ئاسایش.

**بایەخدان بە زانست و ڕۆشنبیری:** دەرخستنی هەوڵی میرانی کورد بۆ گەشەپێدانی بواری زانستی و ڕۆشنبیری لە ڕێگەی دروستکردنی مزگەوت، قوتابخانە، کتێبخانە و هاندانی زانا و شاعیران.

**گرنگیدان بە خزمەتگوزارییەکان:** تیشك خستنە سەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان.

**ڕۆڵی کاری خێرخوازی:** نیشاندانی لایەنی مرۆیی و خێرخوازی میرانی کورد.

**تەوەرەی یەکەم: کاری میرانی کورد لە گرنگیدان بە ژێرخان**

وەک ئاشکرایە، گرنگتر لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، دروسکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ئاسایش و ئابورییە، لەم ڕوەشەوە، کاری هەندێك لە میرانی کورد جێگای بایەخە. ئەویش بە دروستکردنی قەڵا و ڕبات و شوراکان لە ناوخۆ و دەوروبەری شارەکان و سنورەکاندا، لەو کارە گرنگانە بون، دەبو فەرمانڕەواکان لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی خاك و خەڵکیان دروستیان بکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٤٤٨/١؛ شافعی، ١٩٧٠، ٢٦٨/١). قەڵاکان سەرەتا دامەزراوەی سەربازی بون، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵك و دانیشتوان، پاشان دامەزراوە ئیدارییەکانی دیکە دادەمەزران، بە دەوری شارەکانیشدا دیوار و شورای بەرز و بەهێز و چەندین بورجی چاودێریش لەسەر شوراکان دروست دەکران، پاشان خەندەق بە دەوری شوراکەدا دروست دەکرا، هاتوچۆش تەنها لەو ڕێگا و دەرگایانەوە بو کە دیاری دەکران، دەرگاکانیش بە زۆری بە ناوی ئەو شوێنەوە ناودەنران، کە ڕوی لێی بو (الخطیب البغدادي، ١٤٢٢، ٣٨٢/١؛ الحموي، ١٩٩٥، ٣٥٨/٣؛ القطیعی، ١٤١٢، ١٧١/٢؛ عاشور، ١٩٨٠، ٨٩).

لە نمونەی ئەو قەڵایانەی میرانی کورد بونیادیان ناوە لە (میرنشینی حەسنەوەیهی)[1]، دروستکردنی قەڵای سرماجە لەلایەن میر حەسنەوەی کوڕی حوسێن (٣٥٠ – ٣٦٩ك/ ٩٦١- ٩٧٩ز) بە بەردی موهەند، لەسەر چیایەك لە نێوان هەمەدان و خوزستاندا، کە یەکێکە لە قەڵا بەهێز و پتەوەکان (الحموي، ١٩٩٥، ٢١٥/٣؛

ابن خلدون، ١٩٨١، ٦٨٨/٤؛ القطيعي، ١٤١٢، ٧٠٩/٢). بەشێوەیەکی بازنەیی و ئەندازەیی جوان دروستیکرد و ڕازاندنەوەی بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە خەتی کوفی، ئەوەش پیشاندەری تەلارسازیی ئیسلامییە لەو سەردەمەدا، هەر بۆیە لایەنی بەرگری و تەلارسازی و جوانی لە قەڵاکەدا تێکەڵ بە یەکدی ببون، وەك مەڵبەندی حوکمڕانییەکەشی مایەوە تا کۆچی دوایی کرد (الزيدي، ٢٠١٤، ٢٠٣).

هەرچەندە ئاماژە بە ساڵی دروستکردنەکەی نەدراوە، بەڵام مسعر بن مهلهل لە ٣٤٠ك/٩٥١ز سەردانی ناوچەکەی کردوە و ئاماژەی بە قەڵاکە داوە (ابن مهلهل، ٢٠١٢، ٦٧). بۆیە پێدەچێت میر حەسنەوەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خاڵوانیدا (ویندار و غانم، سەرۆک هۆزانی عەیشانی) قەڵاکەی دروستکردبێت یاخود نۆژەنی کردبێتەوە (خواندمير، ١٣٨٠، ٤٣٨/٢).

بەدری کوڕی حەسنەوەی (٣٦٩ – ٤٠٥ك/ ٩٧٩ – ١٠١٤ز) دوای باوکی، توانی دادپەروەری و ئاشتی لە وڵاتەکەیدا بچەسپێنێت، بە جۆرێك ئەگەر کەسێك لە دەشت و چۆڵەوانییەکاندا بار و کەلوپەلەکانی بەجێ بهێشتایە و پاش ماوەیەك بگەڕایەتەوە، کەس دەستی بۆ نەدەبرد (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٤/١٥).

لە (میرنشینی مەروانیش)[2]، میر بادی کوڕی دۆستك لە دەوروبەری ساڵی ٣٥٠ك/٩٦١ز قەڵایەکی قایم و بەرزی بۆ سوپاکەی لە سعرت (اسعرد) بینا کرد، هەروەها قەڵایەکی لەسەر چیای بدلیس لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە بونیاد نا، دیوار و شورایەکی پان و پتەوی بە دەوری شارەکەدا کێشا و تەنها دو دەروازەی بۆ هاتوچۆکردن هێشتەوە (موکریانی، ٢٠٠٧، ٣٤٠/١). هەرچەندە ژێدەری ناوبراو بە قەڵا ناوی بردوە، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەمانە زیاتر لە شێوەی ڕبات بون نەك قەڵا، چونکە لەو ساڵانەدا میر باد لە سنورەکاندا سەرقاڵی غەزا و بەرگری بوە. هەروەك سەرچاوەکانی نزیك لە مێژوی میرنشینەکە ساڵی دەستپێکردنی چالاکییەکانی میر بادیان دیارینەکردوە، بەڵکو دەڵێن پێشتر لە سنورەکاندا، واتە پێش ٣٧٣ك/٩٨٣ز، جیهاد و پارێزگاریی لە سنورەکان کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژێدەرە نوێیەکان ئاماژەیان بە ساڵەکانی دەوروبەری ٣٥٠ك/ ٩٦١ز (موکریانی، ٢٠٠٧، ٣٤٠) و دەوروبەری ساڵەکانی ٣٦٠ك/٩٧٠ز کردوە (توفيق، ٢٠٢٠، ٢١٤). ئەوەی گرنگە، میر باد لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی پارێزگاری لە سنورەکان بکات و خەڵك و وڵاتەکەی لە پەلامار و هێرشی دوژمن بپارێزێت. ئەمەش خزمەتێکی گەورە بوە میر باد و هاوکارانی پێی هەستاون. هەروەها ئەبولفەوارس حوسێن کوڕی دۆستك، برای میر باد، بە کەمتر لە دو ساڵ شورای میافارقینی بونیاد نا (نۆژەنکردەوە) و ناویشی لە زۆر شوێنی سەر شوراکە نوسراوە (فارقي، ٢٠٠٧، ١٦). قەڵا و شوراکانی شارە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە پتەوی و بەهێزی و سەرسوڕهێنەر ناسرابون، لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی شارەکاندا، بە زۆری دەکەوتنە ناوڕاستی شارەکانەوە، لە هەرێمی جەزیرە قەڵای ماردین، شورای بدلیس و نسیبین، و لە هەرێمی چیاش قەڵاو شورای نهاوند (الأصطخري، ٢٠٠٤، ٧٣؛ الحموي، ١٩٩٥، ٥٦/١؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٥٠، ٧٥؛ الريحاني، ٢٠٢٤، ٢٥٩). قەڵا و شورای ئامەد، بە جۆرێکە نە ئاسن و نە ئاگر کاریگەریی لەسەر نابێت، لە بەردی ڕەش دروست کراوە و بەردەکانی کێشیان لە نێوان سەد بۆ هەزار تەنە، شوراکە هاوشێوەی نییە و نزیکەی شەست بورجی هەیە، میافارقین قەڵا و بەند و شورایەکی پتەو و چەندین دەروازەی هەیە، وەك: دەروازەی ئەرزن، دەروازەی قلونج (قلوفجی)، کە لە نێوان تاوەری (الطبالين) و (المرآة)دایە، چونکە لە نێوان ئەو دو بورجەدا ئاوێنەیەکی گەورە دانرابو، لە کاتی هەڵهاتنی خۆردا دەدرەوشایەوە و ڕوناکییەکی گەورەی دروست دەکرد، هەروەها دەروازەی (الشهوة) لای بورجی (الملك)، دەروازەی (الربض) لە ڕۆژئاوای شوراکە و بە ئاراستەی قیبلە دەروازەی (الفرح والغم)ی هەیە، کە وێنەی دو کەسی لەسەر کێشراوە: یەکەمیان وێنەی پیاوێکە یاری بە دەستەکانی دەکات و دڵخۆشە، دوەمیان بەردێکی لەسەر سەری داناوە وەك هێمایەك بۆ دڵتەنگی (الحموي، ١٩٩٥، ٥٦/١؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٦٣).

قەڵا و شورای شاری سنجار بورجێکی گەورەی بە ناوی (برج الخزانة) هەیە، قەڵاکەی لە قەڵای دەرەکی و ناوەکی پێکهاتوە، قەڵای دەرەکی شازدە بورجی هەیە و قەڵای ناوەکیش حەوت بورج (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢٢٠/١؛

الريحاني، ٢٠٢٤، ٢٦٠). به هەمان شێوە، قەڵای حەسەنكێفا قەڵایەكی سەخت و ڕێڕەوەكانی تەنگ و تەسك بون، به جۆرێك چەند كەسێك پێكەوە نەیاندەتوانی پێیدا بڕۆن، بەڵكو دەبوایە یەك لە دوای یەك پێیدا بڕۆن، ئەمەش وای كردبو به ئاسانی داگیر نەكرێت (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢٢٤/١) (المقدسي البشاري، ب.س، ١٤١). ئەو كەرەستانەشی له دروستكردن و نۆژەنكردنەوەی قەڵا و قوله و شوراكاندا بەكاردەهات، ئەو مادده و كەرەستانه بون كه له ناوچەكەدا هەبون، وەك بەرد و گڵ و گەچ (الحموي، ١٩٩٥، ٢١٥/٣).

میرەكانی مەروانی بەردەوام شورا و قەڵاكانیان نۆژەن دەكردەوە، كاتێك بەهۆی شەڕەكانەوە یان ڕوداوە سروشتییەكانەوە درز و كەلێنیان تێدا دروست دەبو. هەروەها دەروازە و قەڵا و قوله و بورجی نوێیان بۆ زیاددەكرد، بەتایبەتی قەڵا و شورای ئامەد ٧٢ بورج و میافارقینی پایتەختی میرنشینەكەش ٤٢ بورجی هەبو، میرەكان باشترین شورایان دروستكردوە و وێنە و نەخش و بورج و قولەیان لەسەر دروستكردوە (عبدالرقیب، ٢٠٠١، ٩٢/٢) (عبوش، ٢٠٠٤، ٦٧، ٦٩).

وەك:میر ئەبوعەلی مەروان (٣٨٠ – ٣٨٧ك/ ٩٩٠ -٩٩٧ز) دەروازەی چیا (داغ قاپی)ی شورای میافارقینی له (٣٨٦ك/٩٩٦ز) نۆژەن كردەوە (كۆمەكا ڤەكۆلەران، ٢٠٢٠، ٦٧). میر ئەبوسعید مەنسور، ممهد دەولەی مەروانی (٣٨٧ -٤٠١ ك/٩٩٧ – ١٠١١ز)، شورای میافارقینی نۆژەن و زیاتر بەرز كردەوە، ناویشی له ڕوی ناوەوە له بیست و دو شوێن لەسەر شوراكه تۆماركردوە، دەروازەی قلۆفجی له نێوان تاوەرەكانی (الطبالین) كردەوە و خەڵكی له دەروازەكانی ڕەبز و باقوسی دەچونه ژورەوە كه زۆرجار كراوە بون (فارقی، ٢٠٠٧، ٤٠؛ ابن شداد، ب.س، ١٦٥). فەرمانڕەوای ئامەد، ابن دمنە، هەستا بە زیاتر بەرزكردنەوەی شورای دەوری شار، بە جۆرێك بەقەد باڵای پیاوێك تەواوی شوراكەی بەرزكردەوە و پارەیەكی زۆری تێدا خەرجكرد (فارقی، ٢٠٠٧، ٨٣).

میر نصرالدولەی مەروانی (٤٠١ – ٤٥٣ك / ١٠١٠ – ١٠٦١ز) سنورەكانی ئاوەدان كردەوە و كۆنترۆڵیكردن (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٧٠/١٦؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ١٧٥/٨). له پێناو چاودێری و ڕێگری له هێرشە لەناكاوەكانی میرنشینە مەسیحییەكان و دابینكردنی ئاسایش و ئارامیی سنورەكان و سەلامەتیی گیانی حاجیان، قەڵایەكی جەنگی (ڕبات)ی لەسەر سنورەكان دروستكرد (فارقی، ٢٠٠٧، ٩٤؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ١٧٥/٨؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٢٥/١٩؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٠٠؛ نیا، ٢٠٠٩، ٨٦؛ سلیم، ٢٠١٨، ٢٦١).

شورای میافارقینی نۆژەنكردەوە، كه بەهۆی جەنگەكانەوە چەند بەشێكی ڕوخابو، له كێڵگەكانی دەوروبەری، وەقفی لەسەر شوراكه دانا (فارقی، ٢٠٠٧، ٥٧، ٥٩). لەگەڵ دروسكردنی بورجێكی كەوانەیی له (٤٠٤ك/١٠١٤ز) لای چەپی دەرگای ناسراو به (جفت قاپی)، له شاری ئامەدیش، بورجی ژمارە پەنجا و دوی له (٤٢٠ك/٤٣٠ز) دروستكرد، بورجەكانی پەنجا و پێنج و شەست و دوش هەر له ماوەی فەرمانڕەوایی میر نصرالدوله دروستكراون (كۆمەكا ڤەكۆلەران، ٢٠٢٠، ٦٧، ٧٠).

دوای خۆشی، كوڕەكەی، میر نیزامەدین بن نصرالدوله (٤٥٣ – ٤٧٢ك/١٠٦١ – ١٠٨٠ز)، شورای ئامەد و میافارقینی نۆژەن و زیاتر بەرزكردەوە، لەگەڵ دروستكردنی دو بورج لەسەر دەروازەی ڕۆژهەڵاتی میافارقین و دانانی ئاوێنەیەكی گەورە لەسەر یەكێك له بورجەكان (فارقی، ٢٠٠٧، ١١٣؛ ابن شداد، ب.س، ١٧٣). بڕوانە پاشكۆی ١.

هەروەها بۆ پشتیوانیی شورای میافارقین، بورجێكی چوارگۆشەیی ناوپڕی له دیوی ناوەوەی شوراكەدا دروستكرد، به هەمان شێوە، له (٤٦٤ك/١٠٧٤ز) قەڵای ناوەوەی لەناو شورای دیاربەكر، كه به (ئیچ قەڵا) ناسراوە، دروستكرد. دیسان له (٤٦٥ك/١٠٧٥ز) دو بورجی دیكەی له شورای میافارقین لەسەر دەروازەی (تەل قاپی)، نێوان (داغ قاپی) و (ئورفە قاپی)، بنیاتنا. له نێوان هەردو بورجەكەشدا ناوی میر و ساڵ و ڕێكەوتی و ناوی وەستای بونیادنەرەكەشی لەسەر نوسراوە (كۆمەكا ڤەكۆلەران، ٢٠٢٠، ٧١؛ الريحاني، ٢٠٢٤، ٢٦٠).

هەروەها میر نصرالدولە، کوڕی میر نیزامەدین (٤٧٢ – ٤٧٨ك/ ١٠٨٠ – ١٠٨٧ز)، دوای جێگیربونی دەسەڵاتەکەی، تاوەری (باب الربض)ی سەرلەنوێ دروستکردەوە، کە بەهۆی شەڕ و ئابڵوقەدانەوە ڕوخابو. شوێنە ڕوخاوەکانی شورای میافارقین و تاوەری گەورەی نۆژەن کردەوە (فارقی، ٢٠٠٧، ١٢٢).
لە بوارەکانی دیکەی گرنگیدان بە ژێرخان، پرد و ڕێگاوبانەکان بون، ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستانەدا: ١ .ڕێکخستنی جوڵەی ئاوی ڕوبار و چەم و کانیاوەکان، لە وەرزی هاویندا بۆ مەبەستی ئاودێری و گەیاندن و دابینکردنی ئاو بۆ زۆرترین ناوچە و زەویی کشتوکاڵی، هەروەها کەمکردنەوەی زیان و مەترسییەکانی لافاو لە وەرزی زستاندا. ٢. ئاسانکاری بۆ هاتوچۆکردنی دانیشتوان لە نێوان شارە جیاوازەکاندا. ٣ .بەکارهێنانی بۆ مەبەستی سەربازی و زو گەیشتنی سوپاکان بۆ شوێنی مەبەست (مبارك العازمي، ٢٠٢١، ٧٤٣).
لەم ڕوەشەوە، هەندێك لە میرانی کورد گرنگییان پێداوە. لە هەرێمی چیا، میر بەدری کوڕی حەسنەوەی (٣٦٩ – ٤٠٥ك/ ٩٧٩ – ١٠١٤ز) گرنگیی بە دروستکردنی قەنتەرە داوە، کە لە گرنگترین داهێنانی ڕۆمانەکانە بۆ بەرزکردنەوە و گەیاندن و گواستنەوەی ئاو لە سەرچاوە دورەکانەوە بۆ ناو شارەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان. هەر بۆیە قەنتەرەکانی سەردەمی خەلافەتی عەبباسی، هاوشێوەی سەردەمی ڕۆمانەکان دروستکرابون (متز، ب.س، ٤٠٩/٢؛ شافعي، ١٩٧٠، ١١١/١).
میر بەدر قەنتەرەی پولی کەلهوڕ (پردی کەلهوڕ)ی لەساڵی (٣٧٤ك/٩٨٣ز) هەروەها پردی ئەلیشتەری لەسەر زێی کاشکان دروستکرد، کە دروستکردنەکەی ماوەی دە ساڵی خایاند؛ لە (٣٨٩ك/٩٩٩ز) دەستیپێکرد و لە (٣٩٩ك/١٠٠٩ز) تەواوکرا. شوێنەوارێکی هەڵکۆڵراوی مێژوییشی لەسەر پرد و قەنتەرەی کاشکان بۆ بەجێهێشتوین، کە ئاماژەیە بۆ میر بەدر. ئەمەش دەقەکەیەتی: (بسم الله الرحمن الرحيم هذا ما أمر ببنائه الأمير الأجل ابو النجم بدربن حسنويه بن الحسين اطال الله بقائه) (نفیسي، ١٣٥٩، ٨٥؛ توفیق، ٢٠٢٠، ١٨٣؛ قادر، ٢٠١١، ٧٩).
کارەکانی میر بەدر تەنها سنوری میرنشینەکەی نەدەگرتەوە، بەڵکو پرد و ڕێگاوبانەکانی دەرەوەشی دەگرتەوە، بەتایبەت ڕێگای نێوان هەمەدان و بەغداد، کە بەشێکە لە ڕێگای خوراسانی مەزن. ئەویش خۆی دەبینییەوە لە ئاسایشی ڕێگاکان، دابینکردنی ئاو، هاوکاریی پیشەوەرەکان، کاروانسەراکان، پۆستە و گەیاندن. ساڵانە پارە و ماڵێکی زۆری لە وڵاتەکەیدا بۆ چاککردنی ڕێگاوبانەکان و دروستکردن و لێدانی ڕێگای نوێ لە چیاکاندا، نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکان، لێدانی بیر و پاککردنەوەی سەرچاوە کۆنەکان، دابینکردنی ئالیکی ئاژەڵی کاروانەکان لە پێناو ئاسانکاریی هاتوچۆکاران و کاروانە بازرگانییەکاندا خەرجدەکرد (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٤٢/٧) (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٣١/١٨). میر بەدر گرنگییەکی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ دەدا و بەلای هەر سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ئاودا تێپەڕیبوایە، گوندێکی کشتوکاڵیی لەپاڵدا دروستدەکرد. ڕوبەڕوی خراپەکاران و تێکدەران دەبووەوە و ڕێگەی نەدەدا زەرەر و زیان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بدەن (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥). هەمو ئەوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە میر بەدر لە خەمی دروستکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ئابوری و ئاوەدانیدا بوە.
لە هەرێمی جەزیرەش، میر نصرالدولە (٤٠١- ٤٥٣ ك/١٠١٠ – ١٠٦١ز) گرنگیی بە پرد و کەوان و ڕێگاوبانەکان داوە. لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا، ژمارەیەك پردی دروستکردوە، وەك: پردی حوسێنییە لە شاری (النصرية) بۆ سەر گردی (البنان) (فارقي، ٢٠٠٧، ٧٧). هەروەها پردەکانی قوتینیە، بابوزین، ئیبراهیمییەی دروستکرد و وەقفی لەسەر دانان (فارقي، ٢٠٠٧، ٧٨).
دروستکردنی پردێك لەسەر ڕوباری (الحو)، ناوی میریش لەسەر پردەکە هەڵکۆڵراوە (فارقي، ٢٠٠٧، ٨٠). هەروەها بڕیاری دابو پردێك لەسەر ڕوباری حەوا دروست بکات، بەڵام مردن ڕێگەی نەدا ئەو کارە بکات. دواتر قازی ئەبوعەلی بە پارەی میر، پردەکەی بە باشترین شێواز دروستکرد (إسماعيل، ب.س، ٤٤٩).

میر نیزامەدین پردی دە چاو (دە تاق و کەوان)ی دروستکرد، کە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شورای دیاربەکر، لە دەروازەی (ماردین قاپی)یەوە بە دوریی سێ کیلۆمەتر، لەسەر ڕوباری دیجلە لە (٤٥٧ك/١٠٦٥ز) بونیاد نرا. ئەم پردە هەردو شاری دیاربەکر و میافارقین پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم پردە لەلایەن ڕۆمە بێزەنتییەکانەوە ڕوخێنرا، بەڵام جارێکی تر لە (٤٦٤ك/١٠٧٢ز) دروست کرایەوە و تا ئەمڕۆش ماوە (فارقی، ٢٠٠٧، ل١١٤). بڕوانە پاشکۆی ٢.

لەسەر بەردێکی پردەکەش، بە خەتی کوفی، شوێنەوارێکی نوسراو کە دەگەڕێتەوە بۆ میر نیزامەدین بونی هەیە. تێیدا نزا بۆ میر، بەرواری دروستکردنی پردەکە، وەستای دروستکردنەکەی و لەژێر چاودێریی دادوەری شارەکەدا تۆمارکراوە. ئەمەش دەقەکەیەتی: "مما أمر بعمله والإنفاق عليه مولانا الأمير السيد نظام الدين مؤيد الدولة بن عز الإسلام أطال الله بقائه و أعز نصره و دبر هداه ابتغاء ثواب الله وطلب رحمته في (...) و جرى أكثر ذالك على (يدي) القاضي ابي الحسن عبد الواحد سنة سبع وخمسين و أربعماية" (ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، ٧٠).

**تەوەری دوەم: خزمەتگوزاریی زانستی و ڕۆشنبیری**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگییەکی زۆری بە زانست و زانیاری داوە. لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرمویەتی: {فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ ۗ وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَىٰ إِلَيْكَ وَحْيُهُ ۖ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا} (طه/١١٤). واتە: خودا بەرز و بڵندە، پادشایەکی حەق و ڕاستە. ئەی محەممەد، پەلە مەکە پێش ئەوەی نیگا تەواوبێت بۆت، و بڵێ پەروەردگارا، زانست و زانیاریم زیاد بکە (مودەڕریس، ١٣٨٩ هەتاوی، ٤٥١/٤). پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: "من سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله له طريقا إلى الجنة، وإن الملائكة لتضع أجنحتها رضا لطالب العلم، وإن طالب العلم يستغفر له من في السماء والأرض، حتى الحيتان في الماء، وإن فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب، إن العلماء هم ورثة الأنبياء، إن الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما، إنما ورثوا العلم، فمن أخذه، أخذ بحظ وافر" (ابن ماجه، ٢٠١٤، ٩٦؛ ابن الجوزي، ١٤١٢، ٣٣). واتە: هەرکەس ڕێگای فێربونی زانست بگرێتە بەر، خودا ڕێگای چونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، بە ڕاستی فریشتەکان باڵەکانیان ڕادەخەن بۆ ئەو کەسانەی بەدوای فێربونی زانستەوەن، هەروەها ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، تەنانەت ماسی و نەهەنگی دەریا و زەریاکانیش داوای لێخۆشبونی بۆ دەکەن، پلە و پایەی زانا لەچاو پلەی کەسانی دیکە، وەك پلە و گەورەیی مانگ وایە بەسەر هەسارەکانی دیکەوە. زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن. پێغەمبەران لە دوای خۆیان دینار و درهەمیان بەجێ نەهێشتوە، تەنها زانستیان بە میرات گرتوە.

نەتەوەی کورد و میرەکانی، لە چوارچێوەی هەرێمەکانی خەلافەتی عەبباسیدا، گرنگییان بە زانست و زانیاری داوە. لەم ڕووەشەوە، ابن الأثير دەڵێ: کوردەکان تائیفەیەکی ناسراون و ژمارەیەکی زۆر زانایان لەنێودا هەیە (ابن الأثير، ١٩٨٠، ٩٢/٣). لەو ڕۆژگارەشدا مزگەوت قوتابخانەی یەکەمی موسڵمانان بوە. لە سەرەتای ئیسلامەوە تا دەرکەوتنی قوتابخانە نیزامییەکانیش، پێشەنگ بو لە پەروەردە و بڵاوکردنەوەی زانستەکاندا (مریزن عسيری، ١٩٨٥، ٢١٤).

میرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە دروستکردنی مزگەوتەکان داوە، کە یەکێکە لە مەڵبەندەکانی بڵاوکردنەوەی زانست. میر حەسنەوەی کوڕی حوسێن مزگەوتێکی جوان و ڕازاوەی لە دینەوەر بە بەردی موهەند و شێوازێکی ئەندازەیی جوان دروستکرد. هەر بۆیە خەڵکی شارەکە گرنگییان بە زانست و زانیاری داوە و چەندین زانای گەورە لە بوارەکانی ئەدەب و فەرموده و مێژو و زانستەکانی دیکە، کە خەڵکی دینەوەر بون، هەڵکەوتون (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٦٢/٢؛ ابن الأثير، ١٩٩٧، ٣٧١/٧؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٦٨٨/٤؛ خواندمير، ١٣٨٠، ٤٣٨/٢). میر بەدری کوڕی حەسنەوەی لە هەمویان زیاتر گرنگیی بە مزگەوت و زانست و زانایان داوە. لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا، نزیکەی سێ هەزار مزگەوت و خانی لە ناوچە جیاوازەکان دروستکردوە (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٣٩/٧؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٥٥٨/١٥؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٢٩/٥.(

مزگەوتی ئەسەد ئاباد یەکێکە لەو مزگەوتە بەناوبانگانەی میر بەدر لە شارەکەدا و لەسەر شێوازی تەلارسازیی ئیسلامی دروستی کردوە. دیوارەکانی بە بەردی مەرمەڕی ڕەنگ بێجی و نەخشاندنی دروشمەکانی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) لەسەر دیوارەکەی، هەروەها نەخشاندنی بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز: {قد أفلح المؤمنون، الذين هم في صلاتيهم خشعون} (المؤمنون/١-٢)، و ئەم نوسینانەشی بە خەتی کوفی نوسیون (الزيدي، ٢٠١٤، ٢٠٥)، کە یەکێکە لە هونەرە گەشەسەندوەکانی ئیسلامی و خۆشنوسەکان لە لێهاتویی و ڕازاندنەوەدا کێبڕکێیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد (ارنولد، ١٩٧٢، ١٧٥).

هەروەها ڕێزی لە زاهید و زانایان دەگرت و ساڵانە بیست هەزار دیناری بۆ چینی ئەشرافەکانی بەغداد، لەوانەش فوقەها و زاناکان، خەرج دەکرد (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٣٩/٧؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥). بێگومان ئەم هاوکارییانەش هۆکارێك بوە بۆ گەشەسەندنی زانست و زانیاری، چونکە فوقەها و زاناکان خەمی نان و بژێوییان نەبوە و خۆیان یەکلایی کردوەتەوە بۆ فێربونی زانستی زیاتر و وانەوتنەوە و بڵاوکردنەوەی زانست. بەهۆی چەسپاندنی دادپەروەری و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش، خەڵك لە سەردەمەکەیدا دەستیان دایە فێربونی خوێندنەوە و نوسین و هەوڵی فێربونی زانست و هونەریان دەدا (ابن كثير، ١٤٢٠، ٥٥٧/١٥؛ زكي، ١٩٤٨، ٨٥). ئەوەش لە ئەرکە گرنگەکانی میر و فەرمانڕەواکانە کە خەڵکەکەیان بەرەو زانست و چالاکیی پیشەسازی ئاراستە بکەن (مسكويه، ب.س، ٨٣).

میر نصرالدولەی مەروانی بە زۆری لە میافارقین و دیاربەکر مزگەوتی بونیادناوە. مزگەوتی (جامع الراضي)ی نۆژەن کردەوە لە (٤١٤ك/١٠٢٣ز) و وەقفی لەسەر دانا، لەگەڵ بیناکردنی منارەکەیدا (فارق، ٢٠٠٧، ٦٥). هەروەها لە (٤٢٣ك/١٠٣٢ز) مزگەوتی (المحدثة)ی بەشێوازێکی جوان و قەشەنگ بونیادنا، لەگەڵ دیاریکردنی وەقف لەسەری (فارق، ٢٠٠٧، ٧٥) (ابن شداد، ب.س، ١٧٠). بێگومان ئەم وەقفانەش ڕۆڵێکی گرنگیان لەو سەردەمە و ئێستاشدا هەیە، بۆ بەردەوامبون و بەڕێوەبردنی کاروباری پەیوەست بە مزگەوتەکان.

هەروەها لە (٤٤٧ك/١٠٥٦ز) لە ڕوی دیوی ناوەوەی دەروازەی چیا، مزگەوتێکی دیکەی دروستکردوە. ئایەتی {إنما يعمر مساجد الله ...} (التوبة/١٨)ی لەسەر نوسراوە و تائێستا ئاوەدانە (كۆمەكا ڤەکۆلەران، ٢٠٢٠، ٦٩). بڕوانە پاشکۆی ٣.

لە مزگەوتی میافارقین، بە پارە و پوڵی خۆی، (بەنگام)[3]ی بۆ دیاریکردنی کاتەکانی نوێژ دروستکرد (فارق، ٢٠٠٧، ٧٩).

میرانی کورد گرنگیشیان بە ئەدەب و شیعر داوە. هەروەها هەوڵیان داوە لە ڕێگەی زانا و شاعیرانەوە ڕای گشتی و هەست و سۆزی جەماوەر بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و ناو و ناوبانگیان لە هەرێمەکانی دیکەی ئیسلامی بڵاو بکەنەوە. هەروەك میر بەدری کوڕی حەسنەوەی زانا و ئەدیبەکانی هان دەدا و لە خۆی نزیك دەکردنەوە، لەوانەش (ابو العباس الجرمقي)[4] کە زۆر هۆگری میر بەدر بوە و گەشتی زۆری بۆ مەملەکەتەکەی کردوە (البيهقي، ب.س، ٨؛ نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٤٨٣؛ عزت، ٢٠٠٩، ٤٣).

هەروەها شاعیر (ابوسعد بن خلف الهمذاني) (م ٤١٤ک/١٠٢٣ز) لە قەسیدەکەیدا ستایشی بەدر بن حەسنەوەی کردوە (الثعالبي، ب.س، ٢١٢). ئەدیب و شاعیری بەناوبانگ (ابوفضل احمد بن حسين الهمذاني) (م ٣٩٨ك / ١٠٠٧ز) لەنێو سەرچاوەکاندا ناوی هاتوە (هدى، ٢٠٠٦، ١٥٤).

میر نصرالدولەی مەروانیش، زانا و شاعیران سەردانی کۆشکی میریان دەکرد و ئەویش ڕێزی دەگرتن و خەڵات و بەخششی بەسەردا دەڕشتن. شاعیرانیش لە شیعرەکانیاندا ستایشیان کردوە (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٢٦؛ ابن خلكان، ١٩٠٠، ١٧٧؛ مونەجم باشی، ٢٠٢٤، ٨٢). کۆشکی میر نصرالدولە وەك کەعبەی زانست و زانایان بو، لە وڵات و هەرێمەکانەوە سەردانیان دەکرد و لەوێ کۆ دەبونەوە. لەنێو ئەو زانا بەناوبانگانەشدا أبوعبدالله الكازروني (م ٤٥٣ك/١٠٦١ز)یە، کە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شافیعی لە ناوچەکانی دیاربەکر (ابن الأثير، الكامل في التاريخ، ٤٣٨/٧؛ زكي، ١٩٤٨، ١٢٢).

لە نمونەی شاعیرانی کورد: حوسێن بن داود البشنوي (م ٤٦٥ك/١٠٧٢ز) و بابەتاهیری هەمەدانی (م٤٤٧ك/١٠٥٥ز)، کە شیعرەکانی بە چوارینەکان بەناوبانگە و بە زمانی لوڕی نوسیونی (ابن الأثیر، ١٩٨٠، ١٥٧/١؛ عزت، ٢٠٠٩، ٤٧).

کتێبخانەکانیش ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریدا هەبوە و جێگای بایەخی میرەکان بوە. سەرەڕای ئەوەی لە هەمو مزگەوتە گەورەکاندا (الجامع) کتێبخانە بونی هەبو، چونکە زاناکان کتێبەکانی خۆیان لەسەر مزگەوتەکان وەقف دەکرد (متز، ب.س، ١/ ٣٢٢؛ ارنولد، ١٩٧٢، ٤٨٢). ئەمەش واتە بونی کتێبخانە لە هەمو شارەکانی هەرێمی چیا و جەزیرە، چونکە هیچ شارێك نەبوە مزگەوتی جامع یان مزگەوتی دیکەی تێدا نەبێت (زغلول، ١٩٨٠، ٦٠).

سەرەڕای ئەوە، میرانی کورد گرنگییان بە کتێبخانەکان دەدا و بۆ ئەو مەبەستەش پارە و ماڵیان خەرج دەکرد و هانی زانا و شاعیرانیان دەدا. لە نمونەی میر ئەحمەد نصرالدولەی مەروانی (٤٠١ – ٤٥٣ك / ١٠١٠ – ١٠٦١ز)، ڕۆڵی هەبو لە دامەزراندنی هەردو کتێبخانەی مزگەوتەکانی جامعی میافارقین و جامعی ئامەد. هەروەها کتێبخانە تایبەتەکەی میر نصر لە کۆشکی میریی ئامەد، شاعیر و نوسەر (ئەلسلیکی مەنازی)[5] ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە کۆکردنەوەی کتێب لە وڵاتانی دراوسێی میرنشینەکە، هێنانی ژمارەیەکی زۆر کتێبی جۆراوجۆر لە قوستەنتینییەوە بۆ ئامەد و میافارقین، پاشان وەقفکردنی لەسەر هەردو مزگەوتەکانی ئامەد و میافارقین، کە بە کتێبەکانی مەنازی ناسراون(فارقی، ٢٠٠٧، ل٧١؛ ابن خلكان، ١٩٠٠، ١٤٣/١؛ الذهبي، ١٩٨٥، ٥٨٣/١٧).

هەر لە میافارقین، کتێبخانەی (المغربي) تێدا بو، کە دەگەڕێتەوە بۆ وەزیرەکەی (نصرالدولە ابوعلی حسن بن حسین المغربي)[6]، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە پرۆسە زانستی و ئەدەبی و سیاسییەکاندا هەبو (ابن شداد، ب.س، ص١٧٠؛ برهان، ٢٠٠٠، ٤٥). چونکە خەلیفە و سوڵتان و میرەکان کێبڕکێیان لەسەر دامەزراندنی کتێبخانە و شانازییان بە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی کتێبەوە دەکرد (متز، ب.س، ٣٢٢/١).

**تەوەری سێیەم: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی**

پزیشکی پیشەیەکە لەبارەی جەستەی مرۆڤەوە لە ڕوی نەخۆشی و تەندروستییەوە گفتوگۆ دەکات. پزیشك هەوڵی پاراستنی تەندروستی و باشبونەوەی نەخۆشی بەهۆی دەرمان و هۆکارەکانییەوە دەخاتەڕو. لە ڕێگەی تایبەتمەندی و هێزەوە دەیانناسێت و لە ڕێگەی نیشانەکانەوە هەڵوەستەیان لەسەر دەکات. ئامادەیی نەخۆش لە ڕوی وەرگرتنی دەرمان و بەپێچەوانەشەوە ئاشکرا دەکات، وەك لە ڕەنگی دەم و چاو و پاشەڕۆ و لێدانی دڵەوە (ابن سینا، ب.س، ١٤/١؛ الثعالبي، ب.س، ١٧٩؛ ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٤٣٨/٢).

دانراوەکانی جالینوس لەبارەی زانستی پزیشکییەوە بە دایکی ئەم زانستە دادەنرێت. لە سەردەمی خۆیدا کەس نەیتوانیوە بگاتە ئاستی (ابن ابي اصیبعة، ب.س، ١٠٩). پزیشکەکان پشتیان بە زانست و کتێبەکانی بەستوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٤٣٩/٢). گەشەسەندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێش ئیسلام، بەند بو لەسەر تاقیکاری و ئەزمونی هەندێك لە خاوەن بەهرەکان، کە پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرایەوە، وەك بنەماڵەی (جورجیوس بن جبرائیل) کە زانستەکەیان نەوە بۆ نەوە گواستەوە (ابن ابي اصیبعة، ب.س، ٢١٠). خزمەتگوزاریی تەندروستیش لەو بوارانەیە کە میر و فەرمانڕەوای شارە کوردییەکان گرنگییان پێ داوە، ئەویش بە کردنەوەی نەخۆشخانە و هێنانی پزیشك و کەرەستەی پزیشکی بۆ ناوچەکانیان.

سەرەتا، خەڵکی خۆیان سودیان لە سەرچاوە سروشتییەکان بینیوە. وەك لە کەژی زەڵمی شارەزور، خەڵکی جۆرێك لە ڕوەکیان ناسیوە و بۆ چارەسەرکردن سودیان لێ بینیوە (ابن مهلهل، ٢٠١٢، ٣٠). لە حلوانیش چەندین کانیاوی کبریتی هەبو، کە خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لە نەخۆشییەکان سودیان لێ دەبینی (ابن مهلهل، ٢٠١٢، ٤٩؛ القطیعي، ١٤١٢، ٤١٨/١). ئیبن بەتوتە لە سەدەی ٨ی کۆچی، سەردانی شاری نوسیبینی کردوە و دەڵێ: دو نەخۆشخانەی تێدا بوە (ابن جبیر، ب.س، ١٩٢؛ ئیبن بەتوتە، ٢٠٢٣، ٢٣٨؛ عیسی، ٢٠١٧، ١٢٨).

لە کاتی بونیادنانی نەخۆشخانەکانیشدا، ڕەچاوی شوێنی جوگرافی و ئاووهەوای لەبار و گونجاو لە ناوچەکەدا کراوە، چونکە دەورێکی گرنگی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دەستڕاگەیشتن بە نەخۆشخانەکان هەبو. بازرگانەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان لە هێنانی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی و پەرتوکە پزیشکییەکان هەبو، کاتێك بەم ڕێگایانەدا هاتوچۆیان دەکرد (لسترنج، ١٩٥٤، ١٣٠؛ طه، ٢٠٠٣، ٣٨).

لە شارەکانی هەرێمی چیا، هەرچەندە زانیاریی پێویست لەبەردەستدا نییە، بەڵام ناوی چەندین پزیشك و فەیلەسوف هاتوە، کە بە زانستەکەیان خزمەتی پزیشکییان پێشکەشی میرەکان و خەڵکی کردوە. لەوانە زانا و پزیشك (المیسري)، کە کتێبی (دانشنامە)ی نوسی، کە سیستەمێکی زانستیی پزیشکی بو. لە (٣٦٧ك/٩٧٧ز) دەستی پێ کرد و لە (٣٧٠ك/٩٨٠ز) تەواوی کرد (الزیدي، ٢٠١٤، ٢١٠). هەروەها زانا و فەیلەسوف ئیبن سینا (م٤٢٨ك/١٠٣٧ز)، شەوانە لە ماڵەکەیدا لە هەمەدان وانەی پزیشکی و فەلسەفی بە قوتابییەکانی دەوتەوە (ابن ابي أصیبعة، ب.س، ٤٤١؛ ابن خلكان، ١٩٠٠، ١٥٩/٢).

میرەکانی مەروانیش لە هەرێمی جەزیرە گرنگیی زۆریان بە تەندروستی و پزیشکی داوە. هەروەك میر ممهد دەولە (٣٨٧ – ٤٠١ك / ٩٩٧ – ١٠١٠ز) بانگهێشتی پزیشکی بەناوبانگ (جبرائیل بن عبیدالله بن بختیشوع)ی کرد بۆ وڵات و میرنشینەکەی. بە هاتنی، ممهد دەولە هەمو پێداویستییەکانی بۆ دابینکرد و ئەویش بەو زانست و شارەزاییەی کە هەیبو، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە میافارقین خزمەتی کرد، هەتا لە (٣٩٦ك / ١٠٠٤ز) کۆچی دوایی کرد و هەر لە میافارقین نێژرا (ابن ابي اصیبعة، ب.س، ٢١٤). خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە سەردەمی میر ئەحمەد نصرالدولە (٤٠١ – ٤٥٣ك / ١٠١٠ – ١٠٦١ز) گەیشتە ئەوپەڕی گەشەسەندن. زانایان و پزیشکان پلە و ڕێزێکی گەورەیان لای میری مەروانی هەبو. کاتێك کچەکەی نەخۆش کەوت، بەڵێنی دا ئەگەر چاك ببێتەوە، بەقەدەر کێشی کچەکەی پارە و پول ببەخشێت بە هەژاران. کاتێکیش زاهیدولعولەما (ابوسعید منصوربن عیسا) چارەسەر و ڕێنمایی پێ دا و کچەکەی چاك بوەوە، ئامۆژگاریی میری کرد بەو پارە و پولەی بڕیاری داوە ببەخشێت، نەخۆشخانەیەك بۆ چارەسەرکردنی دەرد و نەخۆشییەکانی هەژاران بکاتەوە. میریش پێشنیارەکەی پەسەند کرد و لە (٤١٤ ك /١٠٢٣ز) نەخۆشخانەی فارقی لە میافارقینی پایتەخت کردەوە. هەمو پێداویستییە پزیشکییەکانی بۆ دابین کرد. لە پێناو بەردەوامبون و مانەوەیدا، ماڵ و موڵکی لەسەر نەخۆشخانەکە وەقف کرد. هەروەها زاهیدولعولەما کتێبێکی دەربارەی زانستی پزیشکی بۆ خوێندکارەکانی نوسی (فارقی، ٢٠٠٧، ٦٥؛ ابن شداد، ب.س، ١٦٩).

ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە نەخۆشخانەی فارقی بەش و شوێنی تایبەت بە خوێندنی زانستی پزیشکیی هەبوە. جگە لە نەخۆشخانە، وەک قوتابخانەش ڕۆڵی بینیوە لە پێگەیاندنی پزیشك و بڵاوکردنەوەی زانستەکە لە ناوچەکەدا. هەروەها (عبیدالله بن جبرائیل)ی پزیشك، پلە و پایەیەکی بەرزی لای میرەکانی مەروانی هەبو. خزمەتی پزیشکیی لە نەخۆشخانەی فارقی دەکرد و لەوێ مایەوە هەتا لە (٤٥٠ك/١٠٥٨ز) کۆچی دوایی کرد (ابن ابي اصیبعة، ب.س، ٢١٤).

ئەوەش ڕادەی ئەو خەمخۆرییەی میرەکانی مەروانی دەردەخات بۆ زانست و خزمەتکردنی خەڵك و وڵاتەکەیان، چونکە ئەو پزیشکانەی دەچونە نەخۆشخانەی فارقی، هەتا کۆچی دواییان دەکرد، لێی دەمانەوە و خزمەتیان دەکرد. بەهۆی گرنگیدانی میرەکانی مەروانی بە زانست و زانایان، شارە جیاوازەکانی هەرێمەکە، بەتایبەت میافارقینی پایتەخت، ببوە مەڵبەندی کۆبونەوەی زانایان و پزیشکان.

هەروەها بە هاندانی میرەکان، هەندێك لە پزیشکەکان پەڕاو و کتێبی تایبەت بە زانستی پزیشکییان دەنوسی. ئەمەش ڕۆڵی لە پێشخستنی کەرتی تەندروستی هەبو، وەك (ئیبن دینار) کە لە (٤٥٦ك / ١٠٦٣) کتێبێکی لەسەر ئامادەکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان و شێوازەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی بە ناوی (الأقرابادین) نوسی (ابن ابي اصیبعة، ب.س، ٣٢٩؛ مقداد، ٢٠٠٣، ٤٧). هەروەها (ابن بطلان) یەکێکی دیکەیە لەو پزیشکانەی ناوچە جیاوازەکان گەڕاوە و لە سەردەمی میر نصرالدولە ڕوی لە میافارقین کردوە و خزمەتی پزیشکیی پێشکەش کردوە،

و کتێبێکی پزیشکیی بە شێوازی پرسیار و وەڵام داناوە (ابن ابي اصيبعة، ب.س، ٣٢٨). فضل بن جەریر تکریتی یەکێکی دیکەیە لەو پزیشکانەی لە سەردەمی میر نصرالدولە سەردانی میافارقینی کردوە و خزمەتی پزیشکیی پێشکەش کردوە (ابن ابي اصيبعة، ب.س، ٣٢٨).

هەروەها میرەکان، وەك ڕێگای خۆپارێزیی تەندروستی، گرنگییان بە پاکوخاوێنی دەدا. بۆ ئەو مەبەستەش هەستاون بە دروستکردنی چەندین حەمام لەم ماوەیەدا. میر نصرالدولەی مەروانی (٤٠١ – ٤٥٣ك/١٠١٠ – ١٠٦١ز) میافارقینی بە باشترین شێوە ئاوەدان کردەوە و هەردو حەمامی (العقبة) و (الجديد)ی بونیاد نا و لەسەر شورای شار وەقفی کردن (ابن شداد، ب.س، ١٧٠). هەروەها میر نصر کەناڵێکی ئاوی لە کانیی حەنباسەوە بۆ بەردەمماڵەکەی خۆی ڕاکێشا و بۆ نۆ بۆری و بەلوعە دابەشی کرد، پاشان بۆ تەوالێت و حەمامەکان. تەنانەت میر نصر لە دەشت و دەرەوەی شاریش، لە نزیك کانی و سەرچاوەکان، حەمامی دروستکردوە (طه، ٢٠٠٣، ٧٠؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٨٧؛ إسماعيل، ب.س، ٤٤٩).

هەروەها پاکڕاگرتنی ڕێگاوبان و بازاڕەکان لە ڕێگاکانی خۆپارێزین و هەندێك لە میرەکان گرنگییان پێ داوە. تەنانەت ڕێگریی لە بەستنەوەی ئاژەڵ لەسەر ڕێگاکاندا کردوە، بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی بێزاری و هەراسانکردنی ڕێبواران. چونکە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ژینگەکەیدا بەرکەوتنی هەیە؛ پاکڕاگرتنی دەبێتە هۆی سەلامەتی و بەپێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی میکرۆب و ڤایرۆسە زیانبەخشەکان و بڵاوبونەوەی جۆرەکانی نەخۆشی (طه، ٢٠٠٣، ٨٠).

لە ڕێگەی سەرچاوە مێژوییەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو خزمەتەی میرانی کورد لە شار و ناوچەکانی خۆیاندا کردویانە، بوەتە هۆی جوانتر دەرکەوتنی شەقام و ڕێگاکان، ئەویش بە چاندنی نەمام لە هەردو دیوی شەقام و ڕێگاکاندا. تەنانەت لەناو شارەکانیشدا چەندین باخ و باخات تێیدا چێنراوە. ئەوەش هۆکارێك بوە بۆ کەمکردنەوەی تۆز و خۆڵی ڕەشەبا و گەردەلولەکان. میر بەدری حەسنەوەی (٣٦٩ – ٤٠٥ك/٩٧٩ -١٠١٤ز) لە هەرێمی چیا، گرنگیی بە پاك و خاوێنیی ڕێگاوبانەکان دەدا و ڕێگەی نەدەدا خۆڵ و خاشاك و زیادەڕەوی بکرێتە سەر ڕێگاوبانەکان. کرێ و موچەی دەدا بەو ماڵانەی نزیکی ڕێگاکان بون، بۆ ئەوەی پاك و خاوێنیی ڕێگاوبانەکان بپارێزن (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥؛ کريم و اردلان، ٢٠١٩، ٤٣٢).

هەروەها میر نصرالدولەی مەروانی (٤٠١ – ٤٥٣ك/١٠١١ – ١٠٦١ز) گرنگیی بە پاك و خاوێنیی بازاڕەکان دەدا و لە پێناو پاکڕاگرتنیاندا، شوێنی تایبەت بە بازاڕی ئەسپ و ئاژەڵەکانی دیکەی لە قەراخی شارەکان و دەرەوەی بازاڕەکان دیاری کردبو، بۆ ئەوەی نەبنە هۆی پیسی و بڵاوبونەوەی میکرۆب و نەخۆشی (طه، ٢٠٠٣، ٤٨).

### تەوەری چوارەم: کاری خێرخوازیی میرانی کورد

فەرمانڕەوای سەرکەوتو پێویستە کاری بەخشین و چاکەکاری لەگەڵ خەڵکیدا بکاتە پیشەی خۆی و هەمیشە دەستواڵا بێت بەرامبەر چین و توێژە جیاوازەکان، و ڕێگای پێشینی خۆی لە فەرمانڕەوا سەرکەوتوەکان بگرێتە بەر (الماوردي، ب.س، ١٢٥). لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرمویەتی: {لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ } (آل عمران/٩٢). واتە: ئەی موسڵمانان، ئەوە بزانن ناگەن بە حەقیقەتی سەواب و خێری کامل و ڕەسا، هەتا سەرفی دەکەن لەو ماڵ و داراییەی خۆشتان دەوێت لە پێناوی خوادا. لەو شتانەی لە پێناوی خوادا دەیبەخشن، خودا ئاگادار و زانایە پێی (مودەڕڕیس، ١٣٨٩، ٨٥/٢). پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (العامل على الصدقة بالحق لوجه الله عز وجل، كالغازي في سبيل الله حتى يرجع إلى أهله) (الألباني، ٢٠٠٠، ٤٧٨/١). واتە: کەسێك بەخشندەیە و لە پێناوی خوادا دەبەخشێت، خێر و پاداشتی کەسێکی دەست دەکەوێت کە لە پێناوی خوادا دەجەنگێت.

ئەوەش هاندەرێکی باش بو بۆ هەندێك لە میرانی کورد لەم بوارەدا. وەك میر حەسنەوەی کوڕی حوسێن (٣٥٠ – ٣٦٩ك/٩٦١ – ٩٧٩ز) میرێکی خاوەن بەزەیی و بەخشندە بو بەرامبەر هەژاران، و دەستبڵاو و پارەیە کی زۆری لەو پێناوەدا دەبەخشی (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٢٧٢/١٤؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٣٩٨/١٥).

بەدری کوڕی حەسنەوەی (٣٦٩ – ٤٠٥ك / ٩٧٩ – ١٠١٤ز) هەمان ڕێچکەی باوکی گرت لە بەخشین و بەدەمەوەچونی هەژاران و لێقەوماواندا. بەخشش و چاکەی زۆر بو، بە جۆرێك یەك لەسەر دەی داهاتی وەقف کردبو بۆ بەخشین و چاکەکاری (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٧/ ٣٤٢؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٣٠/١٨؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٤٧٨/١٥). کارە خێرخوازییەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی دەگرتەوە. هەمو ڕۆژێکی هەینی، دە هەزار درهەمی دەبەخشی بە هەژاران، هەتیوان، بێوەژنان. هەروەها مانگانە بیست هەزار درهەمی دەبەخشی بەوانەی توانای کڕینی کفنی مردوەکانیان نەبو (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٣١/١٨؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٥٥٨/١٥؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ٢٩/٥). ئەوەی زیاتر بایەخ و گرنگیی ئەو هاوکارییانە دەردەخات، بەردەوامیی هاوکارییەکان بوە بۆ خانەوادەکانیان. واتە ئەو کەسانەی دەمردن، هاوکارییەکانیان نەدەبڕا، بەڵکو وەك بیمەی کۆمەڵایەتیی ئێستا، دەدرا بە نەوە و میراتگرەکانیان (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥؛ نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٤٥١؛ کریم و اردلان، ٢٠١٩، ص٤٣٦). ساڵانە هەزار دیناری بۆ بیست پیاو خەرج دەکرد، بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج بە ناوی باوك و دایکی و (عضد الدوله)[7]وە، چونکە ئەو هۆکاری میرایەتییەکەی بو (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٢٣١/١٨؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٥٥٨/١٥؛ بولادیان، ٢٠١٣، ١٢٥).

سەرەڕای ئەوانە، میر بەدر هەستا بە دروستکردنی بازاڕێکی گشتی لە بەرژەوەندیی هەژاران، هێنانی هەمو کەلوپەلێك بۆ بازاڕەکە و دابەزاندنی نرخەکەی و یەك لەسەر دەی قازانجی داهاتی بازاڕەکەی وەقف کردبو لەسەر هەژاران و بەدەمەوەچونی لێقەوماوان. هەروەها پێدانی باربۆ و سولفەی دارایی بە جوتیاران و کەسانی دیکە لە پێناو زیادکردنی هێزی کڕین لایان. ئەوانیش لە بازاڕەکەدا خەرجیان دەکرد. لەم ڕێگایەشەوە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوت و دیسان ئەو پارەیەی بۆ کاری خزمەتگوزاری و نۆژەنکردنەوەی وڵاتەکەی بەکاردەهێنا (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٤٢/٧؛ بولادیان، ٢٠١٣، ١٣٧).

کارە خێرخوازییەکانی میرانی کورد تەنانەت سنورەکانی دەرەوەی میرنشینەکەشی دەگرتەوە. لەوانەش میر حەسنەوەی کوڕی حوسێن (٣٥٠- ٣٦٩ك/٩٦١ -٩٧٩ز). ئەم میرە مەزنە خێر و بەخششی زۆری بۆ دو حەرەمەکە (مەککە و مەدینە) هەبو. خزمەتی حاجیانی دەکرد و لە دز و چەتە و ڕێگر دەیپاراستن. لە سەردەمیدا کاروانەکانی حاجیان بێ ترس دەهاتن و دەچون (ابن الأثير، ١٩٩٧، ٣٧٣/٧؛ ابن كثير، ١٤٢٠، ٣٩٨/١٥؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٦٨٨/٤؛ خواندمیر، ١٣٨٠، ٤٣٨/٢).

میر بەدری کوڕی حەسنەوەی (٣٦٩ -٤٠٥ ك/٩٧٩ – ١٠١٤ز) بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ، پێنج هەزار دیناری بۆ پاسەوانانی ڕێگای خوراسان خەرج دەکرد، کە ڕێگای سەرەکیی بازرگانی و حەجی موسڵمانان بو. ئەم بڕە پارەیە ساڵانە بەردەوام بو، تا ئەوەی زیاد کرا بۆ نۆ هەزار دینار. پارەیەکی زۆری دەدا بە عەرەبەکان (ڕێگر و چەتەکان) بۆ ئەوەی ئازار و زیان بە حاجیان نەگەیەنن (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٣٩/٧- ٣٤٢).

ساڵانە سەد هەزار دیناری دەنارد بۆ هەژارانی مەککە و مەدینە. پاسەوانیی ڕێگاوبانی کاروانی حاجیانی دەکرد و ئاسایشی ڕێگاکانی پاراستبو. ساڵانە سێ هەزار دیناری بۆ ئاسنگەر، پینەدۆز، پیشەوەرەکانی دیکەی ڕێگای نێوان هەمەدان و بەغداد، بۆ دروستکردن و چاککردنەوەی پێڵاوی حاجیان و ناڵ و زین و کۆرتانی ئاژەڵەکان خەرج دەکرد (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٥/١٥). ئەمەش لە سیاسەتە دروستەکانی فەرمانڕەواکانە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی (الماوردي، ب.س، ١١٦).

لە میرنشینی مەروانیش، میر بادی کوڕی دۆستك (٣٧٣ – ٣٨٠ك/٩٨٣ – ٩٩٠ز) کەسێکی بەهێز و بەخشندە و خوڕەوشت جوان بو بەرامبەر هەژاران. لە سەرەتای کارەکانیدا، کاتێك شوانی مەڕ بوە، بۆ تێرکردنی خەڵکە

برسی و هەژارەکان لە مەڕەکانی خۆی بۆ سەربڕیون. ئەوەش بو بە هۆی بڵاوبونەوەی ناو و ناوبانگی لە کاری بەخشین و هاوکاریی هەژاراندا. هەر بۆیە خەڵکی لە دەوری کۆبونەوە (ابن الأثیر، ١٩٩٧، ٤٠٣/٧؛ ابن شداد، ب.س، ١٦٤؛ مونەجم باشی، ٢٠٢٤، ٧٦).

هەروەها ابن دمنە، میری ئامەد، ببوە پەناگەی ترساوان و داڵدەی هاتوان. پارە و پولێکی زۆری بەخشی و شاعیران وەسفی چاکی و بەخشندەییان کردوە. لەگەڵ خەڵکی ئامەد بە چاکی دەجوڵایەوە و دڵاواترین کەس بو (فارقی، ٢٠٠٧، ٣٨).

میر ئەحمەد نصرالدولەی مەروانی (٤٠١ – ٤٥٣ك/ ١٠١٠ – ١٠٦١ز) ناو و ناوبانگی بە باشی و دادپەروەری و ئەنجامدانی خێر و چاکە، سوککردنی باجەکان و پرۆژە وەقفکراوەکانی لە پێناو خزمەتکردنی خەڵکدا بە هەمو لایەکدا بڵاوبویەوە، بە شێوەیەك بو وەسف ناکرێت (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٢٦/١٩؛ ابن خلکان، ١٩٠٠، ١٧٧/١؛ مونەجم باشی، ٢٠٢٤، ٨٧؛ بولادیان، ٢٠١٣، ١٨٣). ئەرك و بارگرانیی زۆری لەسەر خەڵك لابرد. لەو ڕۆژەوەی بو بە فەرمانڕەوا تا ساڵی (٤٠٧ك/ ١٠١٦ز)، هەمو ڕۆژێك بەرهەمی (جرەیبێك)[8] گەنمی دەکرد بە خێر و بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکرد، وەك پابەندییەك بۆ نەزرەکەی. چونکە نەزری کردبو لەسەر خۆی ئەگەر ببێت بە فەرمانڕەوا، هەمو ڕۆژێك جرەیبێك گەنم بەسەر هەژاراندا ببەخشێت. ساڵانە دەبرایە حەوشەی مزگەوتی جامع و بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرا. لە کۆتایی وەقفەکەیدا، وتویەتی: نەفرەتی خودا لەو کەسەی خەرجی بکات بۆ جگە لەوانەی شایستەن، یان شتێکی دیکە (فارقی، ٢٠٠٧، ٦٠).

میر نصرالدولە سۆز و بەزەیی و بەخشینەکانی تەنها مرۆڤە هەژارەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو باڵندە کێوییەکانیشی دەگرتەوە. بەتایبەتی لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا، فەرمانی دەکرد بە ڕشتنی دانەوێڵە لە دەشت و دۆڵ و چیاکاندا، بۆ ئەوەی باڵندەکان لە برساندا نەمرن (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٢٥/١٩؛ ابن الأثیر، ١٩٩٧، ١٧٥/٨؛ ابن کثیر، ١٤٢٠، ٧٨٤/١٥؛ الذهبي، ١٩٩٣، ٣٣٩/٣٠؛ الذهبي، ١٩٨٥، ١١٨/١٨).

لە کارە خێرخوازییەکانی دیکەی ئەم میرە مەزنە، وەقفکردنی دو ماڵ (میوانخانە) بو لە (٤٤٥ك/١٠٥٥ز) لە قودس، بۆ پشودان و مانەوەی ڕێبواران و حاجیان. دوای گەڕانەوەیان لە مەککە، سەردانی قودسی پیرۆزیان دەکرد و لەو دو میوانخانەیە دەمانەوە، ئەو کەسانەی لە وڵاتی میری مەروانییەوە ڕویان لە قودس دەکرد (توفیق، ٢٠٢٠، ٢٣٣). شوێنەواری نوسراوی وەقفەکەشی لەسەر لەوحەیەك بۆ بەجێهێشتوین، کە لەسەری نوسراوە: "بسم الله الرحمن الرحیم هذا ماوقف وحبس الأمیر السید الأجل{...}الدولة وعمادها ذوالصرامیر{؟} ابانصراحمد بن مروان {ان} {احسن}الله ثوابه واحسن مابه بهاتین الدارین المتلاصقتین{و}حدودهما و حقوقهما علی جمیع الواردین من دیاربکرعلی ما {ذکر}فی کتاب وقفهما فمن غیره اوبدله فعلیه لعنةالله وذالك {بتاریخ} رمضان سنة خمس وأربعون وأربعمایة اثابه الله) " توفیق، ٢٠٢٠، ٢٣٣؛ https//islamicart.museumwnf.org. 9:15, Thursday, February 20, 2025).

**ئەنجام:**

**١. دەوڵەتداریی شارستانی :**میرانی کورد، بەتایبەت میر بەدری حەسنەوەیهی و میر نصر الدولەی مەروانی، خاوەنی دیدگایەکی فراوانی دەوڵەتداری بون کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بە بەشێکی دانەبڕاوی حوکمڕانیی خۆیان زانیوە.

**٢. بونیادنانی ژێرخانی بەهێز :**وەبەرهێنانیان لە دروستکردنی قەڵا (وەك قەڵای سرماج)، شورەی شارەکان (وەك ئامەد و میافارقین)، پرد (وەك پردی دە چاو) و ڕێگاوبانەکان، بنەمایەکی پتەوی بۆ ئاسایش و گەشەی ئابوری داناوە.

**٣. بوژانەوەی زانستی و رۆشنبیری**:میرەكان رۆڵێكی گەورەیان لە پێشخستنی زانستدا هەبوە لە رێگەی دروستكردنی هەزاران مزگەوت و خان، دامەزراندنی كتێبخانەی گشتی لە ئامەد و میافارقین، و كۆكردنەوەی زانا و شاعیران لە كۆشكی خۆیاندا.

٤. **پێشكەوتنی كەرتی تەندروستی**:دامەزراندنی نەخۆشخانەی تایبەتمەند (وەك نەخۆشخانەی فارقی لە میافارقین)، هێنانی پزیشكی بەناوبانگ و گرنگیدان بە پاكوخاوێنیی گشتی لە رێگەی دروستكردنی حەمام و رێكخستنی بازاڕەكان، ئاستی بەرزی هوشیاریی تەندروستیی سەردەمەكەیان نیشان دەدات.

**٥. سیستمی خێرخوازیی رێكخراو**:كاری خێرخوازی تەنها تاكەكەسی نەبوە، بەڵكو بەشێك بوە لە سیاسەتی گشتی؛ وەك تەرخانكردنی دەیەكی داهات (عُشر) لەلایەن میر بەدرەوە بۆ هەژاران، دابینكردنی ئاسایشی رێگای حاجییان، و تەنانەت بەزەیی نواندن بەرامبەر بە باڵندەكان لە وەرزی زستاندا لەلایەن میر نصر الدولەوە.

**لیستی سەرچاوەكان:**

**القرآن الكريم**


ابن ابي اصيبعة، أحمد بن القاسم. (ب.س) .عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح. نزار رضا، دار مكتبة الحياة، بيروت.

ابن الأثير، عزالدين علي بن أبي الكرم. (١٩٩٧) .الكامل في التاريخ، تح. عمر عبدالسلام تدمري، ج٧، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت.

ابن الأثير، عزالدين علي بن أبي الكرم (١٩٨٠)، اللباب في تهذيب الأنساب، ج١، دار صادر، بيروت.

الألباني، محمد ناصرالدين. (٢٠٠٠) .صحيح الترغيب والترهيب، ج١، ط١، مكتبة المعارف، الرياض.

الأصطخري، ابو إسحاق إبراهيم بن محمد (٢٠٠٤)، المسالك والممالك، دار صادر، بيروت.

البخاري، محمد بن إسماعيل. (١٩٩٣) .صحيح البخاري، تح. مصطفي ديب البغا، ج١، ط٥، دار ابن كثير، دمشق.

البيهقي، أبو الحسن ظهير الدين علي بن زيد. (بدون سنة) .تتمة صوان الحكمة، بدون مطبعة وطبعة.

الثعالبي، عبد الملك بن محمد (ب.س)، خاص الخاص، مكتبة الحياة، بيروت.

ابن الجوزي، جمال الدين أبوالفرج. (١٩٩٢) .المنتظم فى تاريخ الأمم والملوك، تح. محمد ومصطفى عبدالقادر، ج١٥، دار الكتب العلمية، بيروت.

الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت. (١٩٩٥) .معجم البلدان، ج٣، ط٢، دار صادر، بيروت.

الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي. (١٤٢٢هـ) .تاريخ بغداد، تح. د. بشار عواد معروف، ج١، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

ابن خلدون، عبد الرحمن. (١٩٨١) .العبر و ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تح. خليل شحادة و سهيل زكار، ج٤، ط١، دار الفكر، بيروت.

ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد. (١٩٩٤) .وفيات الأعيان، تح. إحسان عباس، ج١، ط١، دار صادر، بيروت.

خواندمير، غياث الدين بن همام الدين. (١٣٨٠هەتاوی) .حبيب السيرفي اخبار افراد بشر، مج٢، چ حيدرى، تهران.

الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد. (١٩٩٣) .تايخ الإسلام، تح. عمر عبد السلام التدمري، ج٢، ٢٤، ٣٠، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت.

الذهبي، شمس الدين. (١٩٨٥) .سير أعلام النبلاء، تح. محمد نعيم العرقسوسي، ج١٧، ط٣، مؤسسة الرسالة، ب.م.

الروذراوري، محمد بن الحسين. (٢٠٠٢) .ذيل تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تح. د. أبو القاسم إمامي، ج٧، ط١، دار سروش للطباعة والنشر، طهران.

سبط الجوزي، شمس الدين أبوالمظفر يوسف. (٢٠١٣) .مرآة الزمان فى تواريخ الأعيان، تح. مجموعة من المحققين، ج١٨، دار الرسالة العالمية، سوريا.

ابن سينا، الحسين بن عبدالله. (ب.س) .القانون في الطب، تح. محمد أمين الضناوي، ج١.

ابن شداد، عزالدين ابوعبد الله محمد بن على. (بدون سنة) .الاعلاق الخطيرة فى ذكر أمراء الشام والجزيرة.

ابن العماد الحنبلي، عبدالحى بن احمد. (١٩٨٦) .شذرات الذهب فى اخبار من ذهب، تح. محمود الأرناؤوط، ج٥، ط١، دار ابن كثير، دمشق.

القطيعي، عبدالمئومن بن عبد الحق. (١٤١٢هـ) .مراصد الإطلاع على أسماء الأمكنة والبقاء، ج٢، ط١، دار الجيل، بيروت.

ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر. (١٤٢٠هـ) .البداية والنهاية، تح. د. عبد الله بن عبد المحسن التركي، ج١٥، ط١، دارهجر للطباعة والنشر، الرياض.
الماوردي، علي بن محمد. (ب.س) .الأحكام السلطانية، دار الحديث، القاهرة.
الماوردي، على بن محمد. (ب.س) .درر السلوك في سياسة الملوك، تح. فؤاد عبد المنعم أحمد، دار الوطن، الرياض.
ابن ماجه، ابو عبدالله محمد ابن يزيد بن ماجه (٢٠١٤)، سنن ابن ماجه، تح.عصام موسى هادي، ط٢، دار الصديق، السعودية.
مسكويه، أبو علي الرازي. (ب.س) .تهذيب الأخلاق وتطهير الأعراق، تح. ابن الخطيب، ط١، مكتبة الثقافة الدينية.
مسكويه، أبوعلي الرازي. (٢٠٠٢) .تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تح. أبوالقاسم إمامي، ج٥، ط١، دار سروش، طهران.
ابن مهلهل، ابو دلف مسعر. (٢٠١٢) .رحلته إلى كردستان في الرسالة الثانية، تح. د. حسام الدين نقشبندي، مطبعة شڤان، السليمانية.
ابن الوردي، عمر بن مظفر. (١٩٩٦) .تاريخ ابن الوردي، ج١، ط١، دارالكتب العلمية، بيروت.
ارنولد، سيرتوماس. (١٩٧٢) .تراث الإسلام، ترجمة. جرجيس فتح الله، ط٢، دار الطليعة للطباعة، بيروت.
بولاديان، آرشاك. (٢٠١٣) .الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين (١٠- ١١م)، تح. الكسندر كشيشيان، ط٢، دار الفارابي و أراس، اربيل.
حسين، قادر محمد. (٢٠١١) .الإمارات الكردية في العهد البويهي، ط١، مطبعة رۆژهەڵات، اربيل.
زكي، محمد امين. (١٩٤٨) .تاريخ الدول والإمارات الكردية في العهد الإسلامي، ترجمة. محمد على عونى، السعادة، مصر.
سليم، لولاڤ مصطفى، (٢٠١٨)، الكرد في المصادر الأدبية العربية خلال العصرالعباسي (١٣٢-٦٥٦ف)، مركز زاخو للدراسات الكردية، زانكويا زاخو.
شافعي، فريد. (١٩٧٠) .العمارة العربية في مصر الإسلامية، مج١، الهيئة المصرية، مصر.
شير، السيد ادي، (١٩٨٨)، الألفاظ الفارسية المعربة، دار العرب، ط٢، القاهرة.
عبوش، فرهاد حاجي. (٢٠٠٤) .المدينة الكردية من القرن (٤ -٧هـ)، ط١، المطبعة وزارة التربية، اربيل.
عزت، فائزة محمد. (٢٠٠٩) .الحياة الإجتماعية للكورد بين القرنين (٤ – ٩هـ)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.
عيسى، أحمد. (٢٠١١) .تاريخ البيمارستانات فى الإسلام، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة.
كى لسترنج، (١٩٥٤)،بلدان الخلافة الشرقية، مطبعة الرابطة، بغداد.
مرعي، فرست، (٢٠٠٥)، الإمارات الكردية في العصر العباسي الثاني، مطبعة وزارة التربية، ط١، اربيل.
متز، آدم. (ب.س) .الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة. محمد عبدالهادي، مج١، ط٥، دار الكتاب العربي، بيروت.
ئيبن بەتوتە، محمد بن عبدالله بن محمد اللواتي الطنجي. (٢٠٢٣) .*سەفەرنامەکەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا*، و. حەسیب مەلاحامد تلیانی، نوسینگەی تەفسیر، چ٢.
فارقی، أحمد بن يوسف بن الأزرق الفارقي. (٢٠٠٧) .*مێژوی میافارقین و ئامەد*، و. د. ئاکۆ بورهان محمد و د. قادر محمد حسین، چ مناره، هەولێر.
مونەجم باشی، أحمد بن لطف الله. (٢٠٢٤) .*میرنشینە کوردیەکانی سەردەمی عەبباسی*، و. نیهاد جلال، نوسینگەی تەفسیر، چ١، هەولێر.
تۆفیق، زرار صدیق. (٢٠٢٠) .*کوردوکوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی (١٦ – ٦٥٦ ک)*، چ ماد، تاران.
کۆمەکا ڤەکۆلەران. (٢٠٢٠) .*کوردوهەرێما جزیرا فوراتی، مێژو، شارستانی، زمان وئەدەب*، سەنتەری زاخۆ، چ ئێکێ، زانکویا زاخو.
موکریانی، حوسێن حوزنی. (٢٠٠٧) سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، پ.چ.عەبدوڵلا وفەخرەدین ئامێدیان، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر.
مودەڕریس، مەلا عەبدالکەریم (١٣٨٩هەتاوی)، تەفسیری نامی، ب٤، چ١، سنە.
نیا، ئومێد بەهرامی، (٢٠٠٩)، مێژوی کوردەکانی جەزیرە، و.عبدالرحیم معرفتی، تیشک، سلێمانی.
نەقشبەندی، حسام الدين على غالب. (٢٠٠٨) .*شارەزورو لوڕستانی باکورلە سەدەکانی ناوەڕاستدا*، و. ڕەنج ئەبوبەکر، چ حەمدی، چ١، سلیمان
جبير السفياني، هدى بنت .(٢٠٠٦م). الحياة العلمية في الري وإقليم الجبال في العصرالبويهي، رسالة ماجستير، قسم الدراسات العليا التاريخية والحضارية،كلية الشريعة، جامعة أم القرى، السعودية.

طه، مقداد حسين .(٢٠٠٣م). الخدمات الصحية والإجتماعية في الجزيرة، رسالة ماجستير،كلية الآداب، قسم التاريخ، جامعة صلاحدين.
محمد، آكوبرهان .(٢٠٠٠م). الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر(من القرن ٥ -٧هـ)، رسالة ماجستير،كلية الآداب، قسم التاريخ، جامعة صلاح الدين.
هندي الزيدي، رياض خليل .(٢٠١٤م). الدولة الحسنوية دراسة في أحوالها السياسية والعامة، رسالة الماجستير، قسم التاريخ، كلية الأداب، جامعة بغداد.
إسماعيل، قيس عبد .(بدون سنة). الأمير نصرالدولة أحمد بن مروان ودوره في إزدهار امارة بني مروان ٤٠١ – ٤٥٣هـ ، مجلة الجامعة العراقية،ع٥٠، ج٣.
الريحاني، علي عمر، (٢٠٢٤م). المنشآة العمرانية في بلاد الكرد، مجلة علمية محكمة، ع٩٦، كلية الآداب، جامعة موصل.
*السورجي*، د.كريم و د.أردلان .(٢٠١٩م). بدر بن حسنوية الكردي وأعماله الخيرية، مجلة الآداب الرافدين،ع ٧٩.
عاشور، سعيد عبدالفتاح (١٩٨٠م). الحياة الإجتيماعية في المدينة الإسلامية، مجلة عالم الفكر، وزارة الإعلام، ع١، مج١١، الكويت.
عبد الحميد، سعد زغلول (١٩٨٠م). الحياة الدينية في المدينة الإسلامية، مجلة عالم الفكر،وزارة الإعلام، ع١، مج١١، الكويت.
عبوش، فرهادحاجى .(٢٠١٩م). الكرد وإمارة الحج خلا الفترة(٥٥١ - ٧٥٧هـ/ ١١٥٦ - ١٣٥٦م)، مجلة العلوم الإنسانية لجامعة زاخو، ع٢، مجلد٧.
العازمي، مبارك جلوي مبارك العازمي .(٢٠٢١م). دوافع بناء القناطر والسدود خلال العصرالعباسي، مجلة كلية الآداب بقنا، ع٥٢، ج٢، جامعة جنوب الوادي.
.(https//islamicart.museumwnf.org.9:15,Thursday, February 20, 2025)
وێنەی قەڵای ئامەد و پردی دەچاو(دەتاق وکەوان) وەرگیراوە لە سایتی المواقع الأثرية في محافظة ديار بكر Archiqoo |
وێنەی مزگەوتی دیاربکر وەرگیراوە لە mervani camii- Search Images
نەخشەی سنوری میرنشینی حەسنەوەیهی و مەروانی وەرگیراوە لە سایتی File:Marwanids dynasty.jpg - Wikimedia Commons

[1] . میرحسنەوەی کوڕی حسین بەدامەزرێنەری میرنشینەکە دادەنرێت لە هەرێمی چیا و بەشێك لە شارەزور، دوای خاڵەکانی (ویندان و غانم) لە (٣٥٠ك/٩٦١ز)توانی دەسبگرێت بەسەر سەرکردایەتی یەکێتی هۆزی بەرزیکانی و چەندین هۆزی دیکەش لەخۆی کۆبکاتەوە، قەڵای سرماج ی کردە مەڵبەندی دەسەڵاتەکەیی و شارەکانی ( دینەوەر، هەمەدان، نهاوند، حلوان، کرماشان، ماسبزان و سیروان، روزراور، اسد آباد، سامغان، شارەزور...)، چەندین ناوچەی دیکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (ابن الأثير، ١٩٩٧، ٣٧٠/٧؛ ابن خلدون، ١٩٨١، ٦٨٧/٤؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٥٨/٢).(بڕوانە پاشکۆی٤) میربەدری کوڕی حەسنەوەی لەبەناوبانگترین میرەکانییەتی و دوای خۆشی نەوەکانی هیلال و طاهیر نەیانتوانی پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی میرنشینەکە بکەن، هەربۆیە لە (٤٠٦ك/١٠١٥ز)کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات (الروذراوري، ٢٠٠٢، ٣٤٠/٧؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٠٤/١٥؛ ابن الأثير، ١٩٩٧، ٥٩٧/٧، ٦٠٨).

[2] . میربادی کوڕی دوستك (أبوشجاع بن دوستك) بەدامەزرێنەری میرنشینەکە لە (٣٧٣ك/٩٨٣ز) دادەنرێت لە هەرێمی جەزیرە، بە شێوەیەکی گشتی شارە کوردییەکانی (ئامد، دارا، ماردین، میافارقین، حسنکیفا، روها، جەزیرەی ابن عمر، نسيبين، راس العين، سنجار...)، لە ژێرفەرمارەوایی میرەکانیدا بوە، (بڕوانە پاشکۆی٤)شاری میافارقین مەڵبەندی میرنشینەکە بوە و میرأحمد نصرالدوله لەبەناوبانگترین میرەکانییێتی، میرنشینەکە لە (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز) بەهۆی هێرشی سەلجوقییەکانەوە کۆتای پێهات.(ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢١١/١؛ الروذراوري، ٢٠٠٢، ١٠٩/٧؛ فارقي، ٢٠٠٧، ١٥، ٥٦؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ٣٤٩/١٩؛ ابن شداد، ب.س، ١١٢؛ ابن الأثير، ١٩٩٦، ١٧٤/٨؛ الحموي، ١٩٩٥، ٤٩٤/٢).

[3] . بۆ بەکارهێنانی کاتەکان بەکارهاتوە، لە ناوجوتیارانی هندستانیش بۆ دیاریکردن و نۆرەی ئاودێری جوتیاران سودی لێبینراوە، بەپێی ئەوە لای ئەوان شەو رۆژ ٢٢ کاتژمێر بوە ( شیر، ١٩٨٨ ، ٢٨).

[4] . أبو العباس أحمد بن إسحاق الجرمقي زانا و شاعیر، نوسەر و فەیلەسوف، هەروەها شارەزایی لەزانستی ئەندازیاریشدا هەبو (الثعالبي، ١٩٨٣، ٣٩٠/٤).

[5] . ئەحمەدی کوڕی یوسف ئەلسلیکی مەنازی یەکێك بو لە نوسەر و شاعیرە دیار و بە ناوبانگەکان و خەڵکی مەنازگرد بوە، سەردانی میرنصرالدولە کردوە و وەك سەرۆکی دیوانی کاروباری ڕۆشنبیری خزمەتی کردوە، لە (٤٣٧ھ/١٠٤٥ز)کۆچی دوایکرد (الحموي، ١٩٩٥، ج٥/٢٠٢؛ ابن خلکان، ١٩٠٠، ١٤٣/١؛ بولادیان، ٢٠١٣، ١٨٥).

[5] . أبو القاسم الحسين بن علي بن الحسين المعروف بالوزير المغربي شارەزا بوە لە شعر و ئەدەب و زمانەوانیدا، خاوەنی دیوانی (الشعر والنثر)، هەروەها پەرتوکی (أدب الخواص، المأثور في ملح الخدور)، لە (٤١٤ك/١٠٢٣ز) بو بە وەزیری نصرالدولة مروانی ، تا ئەوکاتەی لە (٤١٨ك/١٠٢٧ز) لە میافارقین کۆچی دواییکرد (ابن خلكان، ١٩٠٠، ١٧٢/٢، ١٧٦؛ الذهبي، ١٩٨٥، ٣٩٥/١٧).

[6] . أبوشجاع عضد الدولة بن ركن الدولة أبي علي الحسن ابن بويه الديلمي، دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرتوە و لە بەهێزترینی میرەکانی بوەیهی دادەنرێت، توانی بەسەر نەیارەکانیدا سەکەوێت، و سنوری حوکمڕانییەکەی فراوان بکات، حەزی لە بلاوکردنەوەی زانست دەکرد و ڕێزی لە زانایان دەگرت، هەربۆیە بەیەکەم کەس دادەنرێت نازناوی (تاج الملة)ی لێنرا (ابن خلکان، ١٩٠٠، ٥٠/٤، ٥١).

[7] . الجريب = ٣٦٠٠ زراع و = ١٥٩٢م٢ ( الخوارزمي، ب.س، ٩٢؛ الدوري، عبدالعزيز، ١٩٩٥، )٢١٦. لەمڕۆدا نیودۆنم زەوی زیاتر دەکات، چونکە یەك دۆنم = ٢٥٠٠م٢.




پاشكۆی (١) وێنەی قەڵای ئامەد



پاشکۆی (٢) وێنەی پردی دەچاو




پاشکۆی (٣) وێنەی مزگەوتی مەروانی




پاشکۆی (٤) نەخشەی میرنشینی حەسنەوەیهی




پاشکۆی (٥) نەخشەی میرنشینی مەروانی